# باری ئیستای خەباتمان

## تیبینی

ئەمە راپورتیکە یەکیك لـــە هەڤالانـــی دەستەی دامەزرینەری یەکیتی نیشتمانـــی کوردستان لـــە بارەی بـاری ئیســـتای خەباتمانەوە پیشکەش بـــە یـــەکی لـــە کوبونـــەوەکانی دەستـــەی دامەزرینەری کردوە ٠

دەستەی دامەزرینەر دوای لیکولینەوە و هەلسەنگاندن بریاری دا راپورتەکـە بـلاو بکریتەوە ئەو بەشانەی نەبی کە جاری بـــە هـوی پیویستی پاراستنی نهینیـــەکانی ریکخستن و کاری سیاسی و پیشمەرگەیی ریگەی بلاو کردنەوەیان نادا ٠

بلاوکردنەوەی ئەم راپورتە هەنـــــدی لایەنی گرنگی ریبازی نوی‌ی خەباتـــی گەلەکەمان لـــە بـــاری سەرنجـــی یەکیتیەکەمانەوە رون ئەکاتەوە٠ هیوادارین هەڤالانی یـــەکیتی و تیکوشەرانی تـــری کوردستان بە شداری بکەن لـــە لیدوان و لیکولینەوە و رەخنە لیگرتنیابەتایبەتی بـــە نوسین چ بو ریکخراوەکانی یەکیتـــی ، وە چ بـــو ئورگانـــەکانی ( الشـــرارة ) و ( ریبازی‌نوی ) ٠

هەڤالانی تیکوشەر !

بە گەرمی بەخیرهاتنتان ئەکەم ، هیـوام وایە ئەم کوبونەوە گرنگەمـــان سەرکەویت لە بەجی هینانی فرمانەکانیا ، لە چاکتـــر رونکردنەوەی ریبـــازی یەکیتیەکەمانـــدا وە دانانی ری‌وشوینی پیویست بو کردنیان و گەلالە کردنی پروژەی پروگرام و پـیرەوی ناوخو بو یـــە کیتیەکەمـــان ، لەگـــەل چارەسەرکردنی ئـــەو گیروگرفتـــانـــەی هاتونەتە ریگەمان ٠

١ ـ دامەزران و کەوتنە گەری ی٠ن٠ك بو بە هویـــەکی گرنگـــی هـــەلساندنەوە و بوژاندنەوەی کوردایەتی لـــە ناوەوە و دەرەوەی ولاتدا ، هـــەر وەك هاوبەشیەکی دیاریش بو لـــە خستنەوەگەری بزوتنەوەی نیشتمانی و پیشکەوتوی عـــیراقدا ٠مایەی شانازییە کە لە ماوەیەکی کەمدا وە لـــــە دوای هەرەسهینـــانی رابەرایەتی خیلەکـــی دواکەوتو ، وە دواهینان بـــەو شورشەی گەلەکەمان چواردە سال بەوپەری فیداکاری و لەخوبوردن و کویرەوەریەوە ، بەخوین و فرمیسك فرچکی دا ، مایەی شانازییە کـــە لـــــە دوای بەزین و راکردنی رابەرایەتی خیلەکی لە کوری تیکوشانو لە کوردستان، وە بە کویرایی چاوی دوژمنان و بـــە پیچەوانەی پروپاگانـــدە ژەهراویەکـانی ئیمپریالیزم و فاشیستەکان ، رولـــــە تیکوشەرە نەبەزەکانی گەلەکەمـــان دەســـت بخەنەوە ناو دەستی یەکتر و قول و بازوی جوامیری و دلیری لی هەلمالنەوە و دەست بکەنـــەوە بـــە هـــەول و تیکوشان بو راسـ‌کردنەوەی باری کوردایەتی و باشتر هوشیار کردنەوەی جەمـــاوەری گـــەل و ریکخستنەوەی ریزەکانی تیکوشـــەرەکان و سازدانەوەیان بـــو دریژەدان بە خەبـــاتـــی شورشگیرانە بە باوەریکی نەگور و توند و تولەوە بە هیزی زور و زەبەندی گەلەکەمان و بە ریبازی شورشگیری جەماوەریدا شان بەشانی هیزە دیموکرات و پیشکەوتوەکانی تری گەلی عـــیراق لە پیناوی هینـــانە دی دروشمە میژوییەکەی شورشی کوردستاندا، دروشـــمی دیموکراسی بو عـــــیراق و ئوتونومی بو کوردستان٠ بی ئەوەی شکان و بەزینی رابەرایەتی خیلەکی و کارەساتی دواهینان بـــە شوشـــــی کوردستان و سەرکەوتنی موەقەتی دوژمـــــن توانیبیتی کار بکاتە سەر ورە و باوەریان بە گـــەل و مافە رەواکانی ، بـــە خەبات و پیویستی دریژە پیدانی تا سەرکـــەوتن بـــە دەست دینن ٠

ئەمەش بوە هوی ژیاندنەوەی هیـــوای گەلەکەمان بە رولە تیکوشەرەکانی ، بـــە

هەلساندنەوە و بوژاندنەوەی ورە و
زاتی جەماوەری گەلەکەمان و
خوگرتنەوەی کوردایەتی ، بە جوریکی کە
لە شەوەزەنگی حوکمی شومی فاشی
کاربەدەستانی بەغدا بە سەر کوردستاندا
هیوایەك کە لە دامەزران و کەوتنە گەری
ی٠ن٠ك پەیدا بو وەك ئەستیرەیەکی گەش
لە ئاسمانی نیشتماندا ئەدرەوشیتەوە ٠

٢ ـ دامەزران و کەوتنە گەری ی٠ن٠ك٠
ئەو پروپاگاندە ژەهراویەی تاقمە فاشیستە
ـ تکریتیەکەی بەغدا بە دور ئەخاتەوە کە
گەرەکیتی کوردایەتی و شورشەکەی بە
دەستنیژو دەستکردی بیگانە بداتە قەلەم ،
وە ئەم راستیە گەورەیە لەژیر پەردەی
رەشی بوختان و درو و دەلەسەکانیاندا
بشارنەوە کە : کوردایەتی ـ بزوتنەوەی
میژوکردی رزگاری و دیموکراسی خەلکی
کوردستانە ، نوبەرەی خەباتی چینایەتی
گەلی کوردستانە دژی ئیمپریالیستەکان و
هیزە داگیرکەرەکانی کوردستان کە
نوینەری مولکدار و بورجوازیە کومپرادور
و بیروکراتەکانی دەولەتەکانی ئەو ولاتانەی
کوردستانیان بەسەرا دابەش کراوە ٠
واتە کوردایەتی تەبیاری گەشە کردن و
پیشکەوتنی کومەلایەتی لە خویدا ئەنوینی ،
هەروەك شورشەکەشی راپەرین و تەقینەوەی
خەباتی شورشگیرانەی گەلە بەگشتی وەهی
جەماوەری رەنجدەرە بە تایبەتی لە روی
ئیمپریالیزم و حوکمەتە زوردارەکان و
دەرەبەگایەتیدا ، بو سەندنەوەی مافی
رەوای سەربەستی چارەی خونوسین ، وە
رزگارکردنی نیشتمان لە ئیمپریالیزم و
ئازاد کردنی جەماوەری گەل لە
دەرەبەگایەتی و حوکمی کونەپەرستانەی
چینە مولکدار و بوروجوازیە کومپرادور و
بیروکراتەکانی نەتەوە دەسەلاتدارەکان کە
رەنجدەرانی گەلەکانی خویان و گەلەکەی
ئیمەش ئەچەوسیننەوە و یەخسیر ئەکەن ٠

بویە بزوتنەوەی کوردایەتی و
شورشەکەی دەستنیژ و دەستکردی هیچ
هیزیکی بیگانە و هیچ تاقمیکی خومالیش
نین تا بە وازهینانی ئەوان کوردایەتی و
شورشەکەی هەرەسی یەکجارەکی بهینن ٠
بە پیچەوانەوە ، دەس کیشانەوەی هیزە
ئیمپریالیست و بیگانەکان لە کوردایەتی
خوی لە خویا سەکەوتنیکی گەورەیە
هەرچەندە بوە هوی هەرەسهینانی
رابەرایەتی خیلەکی ودوا هینانیموەقەتی
شورشی کوردستانیش ٠

دەست برینی نەك کیشانەوەی
ئیمپریالیستەکان بە تایبەتی ئیمپریالیزمی
ئەمەریکی و بیگانە کونەپەرستەکان بە تایبەتی
رژیمی کونەپەرست و دوژمن بە کوردی
تاران ، یەکیکە لە ئامانجەکانی شورشگیرە
راستەقینەکانی کوردستان کە بە لیکدانەوەی
زانستی و بەتاقیکردنەوەی ئەمجارەش
بویان رون بوتەوە کە ئەمانە دوژمنی کوردو
کوردستانن وە نیازیان یاریکردنە بە
کوردایەتی و بەکارهینانی زولانەی
مەسەلەی کوردە دژی گەلی کورد بو
ئامانجە گلاوەکانی خویان ٠ تەنانەت
هەرەسهینانی رابەرایەتی خیلەکی (هەرچەندە
بوە هوی دامرکاندنەوەیەکی موەقەتی شورشی
کوردستان ) بەلام لە روی ستراتیجی و
سەرەتاییەوە دەرگاش بەکراوەیی بەجی
ئەهیلیت بو بوژاندنەوەی خەباتی
شورشگیرانەی ریکوپیك و هینانەوەی
کوردایەتی بو سەر ریبازی راست و
هاتنەوە کایەی هیزی دیموکرات و
پیشکەوتو و پیشرەوی کوردستانیش ٠ واتە
کارەساتەکە ئەشی ئاوەژو بکریتەوە و
بیکەین بە سەرەتای گوراندنیکی نەوعی لە
کوردایەتیدا روەو رزگارکردنی یەکجارەکی
کوردایەتی لە داو و ئاینو ئوینەکانی
ئیمپریالیزم و کونەپەرستان و رابەرایەتی
خیلەکی دواکەوتو ٠ کەئەمەش خوی لە
خویا شەرتیکی بنچینەیی سەرکەوتنی
کوردایەتیە لە خەباتی پیروزیدا ٠

جا دامەزران و کەوتنە گەری ی٠ن٠ك
دەری خست کە خو هاویشتنە باوەشی
ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و کونەپەرستانی
ئیرانی ، فاشیستەکانی بەغدا رزگار ناکات
لە زەبروزەنگی کوردایەتی ، وە خەباتی
شورشگیرەکانی کوردستان پەك ناخات ٠
بە پیچەوانەوە زورتر هانیان ئەدات بو
دریژەدان بە خەباتی شورشگیرانە دژی
ئەو فاشیستانەی کە بو لەناوبردنی
بزوتنەوەی رزگاری گەلی کوردستان هەمو
جورە نیشتمان فروشیەك و هاوکاریەك
لەگەل ئیمپریالیزم حەلال ئەکەن ٠

پەیدا بونی ی٠ن٠ك جاریکی تر دەری
ئەخاتەوە کەفاشیستەکانی بەغدا هەرچەند
خویان نزیك بکەنەوە لە ئیمپریالیستەکان و
کونەپەرستانی ئیران ، وە تەنانەت ئەگەر
سەریش کەون لە راگرتن و تەزاندنی
رابەرایەتی خیلەکی و هەل ئەنگوتنی

کوردایەتی‌دا ناتوانن گیانی شورشگیری و ویستی نەگوری تیکوشەرانی ریگـــەی رزگاری و دیموکراسی بمرینن بە هاوکاری لەگەل ئیمپریالیزم و کونەپەرستانی ئیرانی ، بگرە زیاتر پالیان پیوە ئەنین بەرەو خەباتی شورشگیرانە ، بەرەو فیداکاری و خوبەخت کردن بو روخاندنی حوکمی فاشیستەکان و هینانەدی ئامانجەکانی کورد و عەرەب لـە عیراقدا ٠

با هەر خویان بخەنـــە باوەشـــی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە ، باهەر دەست بکەنە ملی کونەپەرستانی ئیرانیەوە ، بـــا هەر رابەرایەتی خیلەکی نارچارکەن بـــە هوی ئیمپریالیزم و ئیرانەوە کە دەستەوستان لـە کوری تیکوشان‌دا دابمینیت ، بـەلام تیکوشەرانی گەلەکەمان ئەم جارە ، باشتر، ژیرانەتر ، هوشیارانەتر ، بە ریگەی راست و دروستــدا دینەوە کــوری خەبات و بەربەرەکانی کردنی پیلانـــە گلاوەکانیان ٠ بویـــە دامەزران و کەوتنەگەری ی٠ن٠ك خوینیکی گەش نوی‌ی لە لەشی کوردایەتیدا گیرا ، ریبازی بەرەو سەرکەوتن بردنـــی خەباتی شورشگیرانەی جەماوەری گـەلـی کوردی شان بەشانی هـــیزە دیموکرات و پیشکەوتوەکانی تری عیراق و بە هاوکاری لەگەل هیزە پیشکەوتوەکانی گەلانی عەرەب و روژهەلات و دنیای بو کوردایەتی رونتر کردەوە ، تاکو بیخاتەوەسەری ٠ بـەمەش کـــوردایەتی هـــەنگاوی یـــەکەم ئەهاویژیت بـــەرەو سەرکەوتن‌بەسـەر ئیمپریالیزم و کاربـەدەستانی فاشیستی بەغدا و هاوپەیمانە ئیرانیە خوینریژەکانی گەلەکەماندا ، بەرەوگەیشتنە ئامانجـــە پیروزەکانیان ، بە تایبەتی دوای ریسوابونی حوکمی فاشیستی بەغدا پاش ئەو نیشتمان فروشییەی خوی کە ئەو رابەرایەتی خیلەکی پی ئیتیهام ئەکرد کە هاوکاری و خوفری‌دانە باوەشی ئەمەریکا و ئیرانە ٠

٣ - پەیدا بون و کەوتنە گەری ی٠ن٠ك بوە هوی زیندەبەچال کردنـــی هیـــوای ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و فاشیستەکانی بەغدا و شوڤینیەکانی تارانی کە کوردایەتی دابمرکیتـــەوە و شـــورشـی کوردستان بکوژیتەوە بو ماوەیەکی دورودریژ بە پـیی نەخشەی ئیمپریالیزمی ئەمـــەریکی بـو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی روژهـــەلات بـە پـــیی دەسکەوتەکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و دیکتاتوریەت و کونەپەرستی٠ ئـــەمـــانـــە بـــە خـــەیـــالی خـاوی خویان وایان زانی کـــە بـــە فریودان و و راکردنی رابەرایەتی خیلەکی کوردایەتی و بە راکرتنی ئەم رابەرایەتیە لە خەبات و ناچار کردنی بەدوا هینان بە شورش ئیتـر کوردستـــــان ئـــارام ئـــەبیتەوە و دەولـــەتـــەکانی عیـــراق و ئیران و تـــورکیەش بـو خویان بـی خەم سەر ئەنینەوە و ئیتر « ئاژاوە و گیچـەل » لەو ناوچە گرنگەی روژهەلاتدا (کوردستان) نامینی ٠

بـــەلی ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکـــا و کونەپەرستانی ئیرانی توانیان رابـەرایەتی خیلەکی کورد فریو بدەن ، وە توانیان کـە ئەم رابەرایەتیە وا لـــی بکەن شورشی کوردستان بوەستینیت و دەیـــان هـــەزار پیشمەرگەی دلسوز ناچار بکات بـــە سەرکزی بگەرینەوە بو شوین و کـــاری پیشویان یان بخرینە تەلبەندەکانی ئیران و خواروی عیراقەوە ٠

بەلام بەمە نە کوردایەتی دوایی هات و نە خـــەباتی شورشگیرانەی تیکوشەرانی کوردایەتی وەستا ٠ بگرە ئەم کوردایەتی و خەبات لەلایەکی ترەوە ، بـــە شیوەیەکی هوشیارانەترو ژیرانەتـرو شورشگیرانـەتر هەلی دایەوە ، ئەویش بەهـــوی ی٠ن٠ك ەوە ، بەجوریك کە ئەم کوردایەتیە نـــەك جلەوەکەی لەدەستی ئەوان و دوستەکانیاندا نەماوە ، بگرە بە شیوەیەکی شورشگیرانەی دوژمن بەوان و هاوپەیمانەکانیشیانەوە ٠ نـــەك هەر ئەوەندە ، بەلکو ریسوا بـــونی ئیمپریالیستەکانی ئەمەریکا و کاربەدەستانی ئیران وەك دوژمنی خوینە خوری کـــورد و کوردستان ، وە ئەو پەنگەی ئەوان بـــە کوردایەتی و رابەرایەتی خیلەکی کوردیان دا بونـــە هویەکی گرنگـــی گیرانـــەوەی کوردایەتی لـــە روی ( موضوعیەوە ) بـــو شوینی تەبیعی خوی لە بەرەی بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی گەلانی روژهەلاتدا ، بـــو ئەوەی لەسەر بنچی خوی برویتـــەوە وەك بزوتنەوەیەکی رزگاری و دیموکراتی گەلیکی زورلیکـــراوی بـــەشخوراو ٠ وەك بزوتنەوەیەکی دوژمـــن بە ئیمپریالیزم و شوڤینیەتی و حوکمی چینـــە مولکدار و بورجوازی کومپرادور و بیروکراتی گەلانی

کاربەدەست و دەرەبەگایەتی و بورجوازی کومپرادوری خومالی ٠

٤ - پەیدابون و کەوتنە گەری ی٠ن٠ك بوە هوی‌ئەوەی کە :

ا) لە لایەکەوە دەرس و پەندە هەلهینجراوەکان لە گولاوی خوین و فرمیسکی شورشە بەفیرو لەدەست دراوەکەی کوردستان کوبکرینەوە و بخرینە بەر چاوی تیکوشەرانی کوردستان . ئەمانەی کە لەبەیانی دامەزراندنی ی٠ن٠کدا بەم شیوەیەی خوارەوە کورت کراونەتەوە :

« ٠٠٠ کە بورجوازی بیروکراتی عیراقی کەسروشتی شوڤینیە - ناتوانیت مەسەلەی کورد بە شیوەیەکی دیموکراتی رەوا چارەسەر بکات ، هەروەکو ئەو رووداوانەی بەدوایشیا هاتن بی‌کارەیی رابەرایەتی خیلەکی و بورجوازی راسترەوی سەوداکەر و ژیرکەوتنیان دوبارە کردەوە لە رابەریکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی رزگاری - خوازانەی گەلی کوردا ، وە دیسانەوە ئیسپاتیان کردەوە کە داوودەزگا ئیمپریالیستەکان لە سەرو هەموویانەوە ئیمپریایزمی ئەمەریکی وە کونەپەرستانی داگیرکەری خاکی کوردستان لەپیش هەموویانەوە حکومەتی ئیران ، دوژمنی خوینە خوری گەلی کورد و هەمو گەلانی تری ناوچەکەن ، چەند هونەربنوینن لەفیلو فەرەج و چەواشە کردندا چەند وریا بن لە پیلان گیران و یاری دیبلوماسی‌دا و هەرچی جلیکی رەنگاورەنگ بپوشن ، جگە لە دیلایەتی و بی بەشکردنی لە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی هیچی تری بو ناخوازن و نامەردی و بەدفەری نەبیت هیچی تریان لەدلدا نیە بەرامبەری » ٠

ب ) لە لایەکی ترەوە کە ریگەی رزگاری و وەدەست هینانی مافە دیموکراتی و نەتەوایەتیکانی ریگەی « ٠٠٠ کە خەباتی شوشگیرانەی جەماوەری جوشدراو لەگەل هیزە پیشکەوتنخوازەکانی عیراقدا لە بەرەیەکی یەکگرتوی تیکوشەرانەدا ریگەمانە بو رزگارکردنی عیراق لە دیکتاتوریەت و هینانە سەرکاری حکومەتیکی دیموکراتی ئیئتیلافی » بو جەماوەری گەل رون بکریتەوە تاکو دوریان بخەینەوە لە کویرەریی تاکرەوی نەتەوایەتی و پشت بەستن بە بیگانە و خو بەستنەوە بە پاشکوی بیگانەوە . تەنانەت ئەگەر ئەم بیگانەیە دوست یان پیشکەوتوش بیت . ئەمە لە کاتیکا بیگانەکەی رابەرایەتی خیلەکی کوردایەتی پیوە گری دابو ئیمپریالیست و خوینمژ و دوژمن بەکورد بو ٠

لیرەدا پیویستە مەسەلەی پشت بەخوبەستن بە شیوەی راست بخەینەوە یاد ٠ سەرەتای پشت بەخوبەستن ، سەرەتایەکی راست و پیروزە بویە ئەبی هەمیشە لە یادمان بیت و هەر دەم پەیرەوی بکەین ٠ ئەم سەرەتایە مانای ئەوەیە کە ئیمە سیاسەتی خومان. بەگویرەی لیکدانەوە و وەزعی ولاتی خومان و هیز و توانای خومان و دوژمن نەخشە بکیشین . مانای ئەوەیە کە پیلان و نەخشەکانی خومان بە پیی توانا و دەسەلاتی خومان و گەلەکەمان دابنیین . مانای ئەوەیە کە ئیمە گەلی خومان بە سەرچاوەی هیز و توانای بنچینەیی خومان بزانین ٠ هەروەك مانای ئەوەیە کە میشك و هوشیاری و لی‌زانینی خومان بەکار بهینین بو لیکولینەوەی وەزع و زروفی ولاتی خومان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بزوتنەوەکەمان ٠

بەلام سەرەتای پشت بەخوبەستن مانای گوشە گیری و تاکرەوی نەتەوایەتی و خو دابرین لە گەلان و هاوپەیمانی پیشکەوتوی دراوسی و دنیا نیە، بە پیچەوانەوە مانای دروستکردنی چاکترین و راستترین و بە هیزترین شیوەی هاوپەیمانی و هاوکاریە لەگەلیاندا ٠

سەرەتای پشت بەخوبەستن مانای دەست بەخەباتکردنە بە پیی توانای خومان و گەلەکەمان و پی راکیشانە بەقەد بەرەی خومان ٠ مانای خو گوشینەوە و خو هاندانە بو زوتر و چاکتر بیرکردنەوە و دوزینەوەی چارەسەری راست‌و دروست بو گیروگرفتە تایبەتیکانی خومان ، بو زورتر و پتر خوماندو کردن و فیداکاری کردن و خوبەخت کردن لە پیناوی هینانەدی ئامانجەکانی خوماندا ٠ واتە چاکتر کەلك لە هیز و توانای خو وەرگرتن، باشتر خو ریکخستن و خوهینانە جوش‌وخروش ٠

بی‌گومان ئەمە مانای ئەوەش نیە کە بە

تەمای یارمەتی دەرەوە نەبین ، بگرە ئەبی ئەم راستیەش بزانین کە ئەمرو خەباتی گەلان توند پیکەوە بەستراوە . دوژمنانی گەلان ئیمپریالیست و خوینمژ و زوردارەکان توند کلکیان لەگەل یەك گری داوە بویە ئەبی گەلانیش هاوخەباتی و هاوئامانجی و هاودەردی خویان لە هاریکاری کردنی یەکتری و ئالوگور کردنی کومەك و یارمەتیدا بنوینن ·بەلام ئەبی پلانی بنچینەیی ونەخشەی سەرەکی خومان بەپیی توانا و دەسەلاتی خومان بکیشین · لە هەمان کاتداهەرچی پیویستە بیکەین بو پتەوکردنی هاوخەباتی لەگەل گەلانی دراوسی و جیهاندا ·

پشت بەخو بەستن دیسان بە پیچەوانەی یەکیتی تیکوشان و ئالوگور کردنی یارمەتی نیە لەگەل هیزە پیشکەوتودکانی عیراقدا ، وە مانای کەلك وەرگرتنە لەو راستیەی کە یەکیتیتیکوشان و هاوخەباتی و هاودەرد و دوژمنی لەگەلیاندا . ئالوگور کردنی یارمەتی لەنیوانیاندا شەرتیکی بنچینەیی سەرکەوتنی هەمومانە ·

هەروەها لەگەل توند خوبەستنەوە بە سەردتای پشت بە خوبەستن و دەست پیودگرتنیەوە لەسەرمان پیویستە کە جغزی بکیشینلە نیوان خو بەستنەوە بە دەولەتە ئیمپریالیست و کونەپەرستەکانەوە و هاوکاری کردن لە گەل هیزە کونەپەرستەکان کە ئەمانە لە جەوهەریاندا دوژمنی گەلەکەمانن ، لەگەل هاوخەباتی و هاوکاری لەگەل هیزە پیشکەوتوەکانی عیراق و عەرەب و روژهەلات و دنیا · لیرەدا پیویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە پاشماوەی رابەرایەتی خیلەکی بەزیو لەکوری خەباتدا. بوپاکانەکردن بو پاشەلپیسی خوی ، رامانکیشی بو گوشە گیری و تاکرەوی نەتەوایەتی بە بیانوی پەلاماردانی پشت بە خەلكبەستنەوە . چونکە پشت بەخو بەستن بە تەواوی ئەگونجیت لەگەل هاو خەباتی و هاوکاری و ئالوگورکردنی یارمەتی لەگەلهیزە پیشکەوتوەکانی گەلانی دراوسی و جیهاندا ·

جا دوای وەرگتنی ئەم پەندو دەرسە بەنرخانە و رون کردنەوەی ریگەی خەباتی شورشگیرانەمان . ی·ن·ك تی ئەکوشیت بو چاکتر رونکردنەوەی ریگەي رزگاریش ، واتە بو هینانەدی شەرت و مەرجەکانی سەرکەوتنی خەباتی شورشگیرانەی جەماهیریمان ·

لیرەدا بە پیویستی ئەزانم کە سەرنجتان بو ئەو راستیە رابکشیم کە سەبارەت بە داگیر و دابەشکرانی کوردستان لە نیوان چەند دەولەتیکدا وە سەبارەت بە یەکیتی دەسکەوتی هەمو گەلی کوردستان لەلایەك و یەکیەتی ئامانجی داگیرکەرانەی دەولەتەکانیش لەلایەکی ترەوە ، وەزعیکوردایەتی وای لی هات کە هەر ۳ شەرتەکەی قانونە ناودارە شورشگیرەکەی بەس نەبیت · واتە هەرچەندە ئەم ۳ شەرتە زور زور پیویست و بە کەلکن بەلام دو شەرتی تریشیان ئەچیتە سەر وەك لە خوارەوە باسیان ئەکەین :

قانونە شورشگیرە ناسراوەکە پیویستەکانی سەرکەوتنی خەباتی گەلان پوختە ئەکاتەوە بە :

١ ـ بونی پارتیکی پیشرەوی شوشگیر·

٢ ـ بونی یەکگرتنیکی نیشتمانی کە هیزی زور و زەبەندی گەل بەهەر چوار چینە نیشتمانیەکەیەوە کوبکاتەوە ، واتە بە کریکار و جوتیار و وردە بورجوازی و بورجوازی نیشتمانپەروەرەوە ·

٣ ـ بونی هیزی چەکداری گەل کە کورد پیی ئەلی هیزی پیشمەرگە ·

ئ مانە بە گشتی بو سەرکەوتنی شورشی رزگاری و دیموکراسی هەمو گەلانی ژیردەستەی دنیای سیەم پیویستن بەلام بوکوردستانی ئیمە دوشەرتی زور گرنگی تریشیان ئەچیتە سەر :

١ ـ یەکیەتی تیکوشانە لەگەل هیزە پیشکەوتوەکانی ئەو گەلەی یان ئەو گەلانەی بەشی دابراوی گەلەکەمان لەناو یەك دەولەتدا لەگەلیان ئەژی · واتە بو ئیمە لە عیراقدا یەکیتی تیکوشان لەگەل هیزە پیشکەوتوەکانی عیراق زور زور پیویستە وە شەرتیکی بنچینەیی سەرکەوتنی کوردایەتیە · ئەمە لە دواییدا باشتر باسی ئەکەین ·

٢ ـ هاوخەباتیە لەگەل بەشەکانی تری کوردایەتی لە هەمو پارچەکانی کوردستاندا · ئەمەش بیگومان بەرەچاوکردنی وەزعی تایبەتی هەر پارچەیە ، وە بە رەچاوکردنی سەرەتاکانی سەربەخویی ریکخراوە سیاسیەکان و هاوکاری هەڤالانە و ئالوگورکردنی یارمەتی لەنیوانیاندا نەك بەشیوەی نوکەری و بەدواکەوتن و لە دو رویشتنی کویرانە وەك رابەرایەتی خیلەکی سەپاندبوی بەسەر زوربەی ریکخراوەکانی کوردستاندا ، وە

نەك لەسەر بناغەی ڕەچاوكردنی دەسكەوتی یەكلا ٠ ی٠ن٠ك بەدل ئارەزوی ئەمەیە كە بەهیزترین پەیوەندی هەبیت لەگەل ریكخراوە پیشكەوتوەكانی كوردستاندا ٠ تاكو بیروراو یارمەتییان لەگەلدا ئالوگور بكات، ، وە بو ئەوەی باسی مەسەلەی گشتی و ئەو روداوە گرنگانە بكەین پیكەوە كە چارەی گەلەكەمانی پی ئەنوسریتەوە ٠

ئیمە پر بەدل حەز بە هاوخەباتی و هاریكاری یەكتری كردن ئەكەین لەگەل هەمو پارتی و تاقمە شورشگیر و پیشكەوتو و دیموكراتیەكانی كوردستان ، بونەوەی ئەوەندەی ئەكری هەلویست یەكخەین و چارەی راست بدوزینەوە بو گیروگرفتەكانی نەتەوایەتی و هەریمیش ٠

بەلام ئیمە بە توندی دژی بیروباوەری كویخایەتی كردنین بەسەر پارچەكانی كوردستاندا ٠ پیویستە بەتەواوی پارتی و ریكخراوەكانی كوردستان لە كوتو زنجیرەكانی شوینرەوی و خو بە كوردستانی عیراقەوە بەستن بەگشتی وە لە بەدوا كەوتنی كویرانەی رابەرایەتی خیلەكی بە تایبەتی رزگار كەین ٠ پیویستە پەیوەندیمان لەگەل ئەم پارتی و تاقمانە لەسەر بناغەی هەڤالایەتی و سەربەستی بیركردنەوە و سەربەخویی ریكخستن و ئالوگوركردنی یارمەتی بیت٠ بو مەسەلەی گشتی نەتەوایەتی و شیوەی پەیوەندی لە نیوان پارتی و ریكخراوەكانی كوردستاندا ، پیویستە هەمو لایەك بەشداری بكەین لە گفتوگو و لیكولینەوە و بیرورا دەربرین بە سەربەستی تاكو بەرەئی هەمو لایەك بگەینە ئەنجامی پیویست ٠

لەگەل هەمو ئەو راستیانەشدا ئیمە باوەری تەواومان وایە كە پیویستە بایەخیكی تایبەتی بە كوردستانی توركیا ، ئینجا كوردستانی ئیران بدریت ، سەبارەت بە ئەهمیەتی گەورەیان لە بوژاندنەوەیكوردایەتی و یەكخستنی هەول و تەقەلای دەلەتەكانیان دژی كوردایەتی لە كوردستانی عیراقدا ٠ پیویستە ئەو راستیە باش بزانین كە بەبی بوژاندنەوە و گەشە پی كردنی كوردایەتی لەسەر ریبازیكی شورشگیرانە لە كوردستانی توركیا و لە كوردستانی ئیراندا ، مەسەلەی سەندنەوەی مافی سەربەستی چارەنوسی نەتەوەی كورد زورتر دوا ئەكەویت ، وە كوردستانی عیراقیش هەمیشە لەژیر مەترسی هاوكاری ئیران و عیراق و توركیەدا ئەبیت ٠ جگە لەمە هاوخەباتی بەشەكانی كوردایەتی لە پارچەكانی كوردستاندا بەلای ئیمەوە ئەهمیەتیكی میژویی تریشی هەیە كە بریتیە لە یەكخستنی خەباتی گەلانی روژهەلات دژی دوژمنە گەوردكانمان كە ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و رەژیمە كونەپەرست و دیكتاتوریەكانن ٠

چونكە ئەمرو دوای دەرپەراندنی ئیمپریالیزم لە هیندوچین دا وە پاش هەرەسهینانی رەژیمی ئیمپریالیستی لە زور ولاتی ئاسیا و ئەفریقا دا وە سەبارەت بە سامانی نەوتی و ناوچەی ستراتیجی روژهەلاتی ناوەراست ئیمپریالیستەكان چاوی تەماح و چلیسی خویان بریوەتە روژهەلاتەكەی ئیمە و گەرەكیانە هەتا بویان بلویت گەلانمان بچەوسیننەوە و سامانی ولاتەكانمان بەتایبەتی نەوت بەتالان بەرن ٠

ئیمپریالیستەكان هەرچەندە لە ناو خویاندا ناكوكن بەلام هەر هەولی یەكخستنی كوشش و تەقەلای خویان ئەدەن دژی گەلانی روژهەلاتەكەمان ، بویە وە سەبارەت بە یەكیتی دەسكەوت و ئامانجی گەلەكانمان پیویستە خەباتی گەلانی هەریمەكەمان بە جوریك یەكخەین كە پیلان و نەخشەكانیان پەك بخەین ٠

لەم مەیدانەدا كوردایەتی شورشگیرانەی دوژمن بەئیمپریالیزم و سەهیونیەت و كونەپەرستی و دیكتاتوریەت ئەتوانی شەرەفی یەكخستنی خەباتی گەلەكانمان و چاكتر بەیەكەوە گری دانیان بو خوی وەربگریت ، بە یەكیتی تیكوشانی لەگەل گەلانی ئیران و عەرەب و توركیا لەلایەك و یەكیتی خەباتی پارچەكانی كوردایەتیش لەناو خویاندا لە لایەكی ترەوە ٠

بە جوریك كە كوردایەتی شورشگیرانە لە كوردستاندا ئەتوانی بزوتنەوە شورشگیرەكانی گەلانی روژهەلاتەكەمان پیكەوە گری بدات و ببیتە هو و ریگەی پیك گەیشتن و هاوخەباتییان ٠ ئەمەش نەك هەر شەرەفیكی گەورەی میژوییە بو گەلەكەمان بەلكو چاكترین شیوەی تولە سەندنەوەشە لەودەولەتە ئیمپریالیست و كونەپەرستانەی

کوردستانیان داگیرو دابەشکردوە ٠

دیارە ئەم شەرەفە میژوییە نرخی خویشی گەرەکە ٠ واتە زورتر چالاکیو پتر هوشیاری و زورتر فیداکاری لە ئیمەوە پیویستن بو وە دەسهینانی ئەم شەرەفە میژوییە ٠ هەر وەك پیویستە هەمیشە یەکیتی تیکوشانی خومان لەگەل گەلانی عەرەب و تورك و فارس و ئازەر و گەلانی تری روژهەلاندا بەهیز بکەین و چاکترین شیوەی پەیوەندی ببەستین لەگەل هیزە دیموکرات و پیشکەوتو و شورشگیرەکانیاندا ٠

٥ ـ دامەزران و کەوتنەگەری ی٠ ن٠ ك کاری خویشی کردە سەر بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراق ٠ روخانی رابەرایەتی خیلەکی و راکردنی لەکوری خەباتدا و دواهینانی بە شورشی کوردستان ، حوکمی فاشیستی بەغدای زالتر کرد بە سەر بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراقدا ٠ داو دەزگای حوکمی فاشیستی بەغدا کەوتنە پروپاگەندە کردن بو « حوکمی لە روخاندن نە هاتو » یان ، بە هیوای بلاو کردنەوەی گیانی ناهومیدی و هینانە خواری ورەی تیکوشەرانی ریگەی رزگاری و دیموکراسی عیراق ٠

بەلام پەیدابونی ی٠ ن٠ ك و سەر لە نوی بەرز کردنەوەی بانگی برایەتی و یەکیتی تیکوشانی کورد و عەرەب لە لایەن یەکیتیەکەمانەوە ، بونەوە هوی بەرز بونەوەی ورەی جەماوەری گەلی عیراق و پەیدابونەوەی هیوای هەلساندنەوەی خەباتی شورشگیرانەی یەکگرتوی کورد و عەرەب کە دەمی سالە ، رابەرایەتی خیلەکی و حوکمی شوڤینی بەغدا بەرەفتار و کردەوەی نەتەوە پەرستانەی کویرانە و خوبەستنەوە بە ئیمپریالیزم و بیگانە کونەپەرستەکانەوە و پشت بە بیگانەی کونەپەرست بەستنەوە بو چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی خویان ، زور کز و بیهیزیان کردبو ٠ جا ژیاندنەوە و هەلکردنەوەی دروشمی برایەتی و یەکیتی تیکوشانی کورد و عەرەب لەلایەن ی٠ ن٠ ك ەوە لەلایەك وە ئەوپیشوازیە گەرمەی هیزە پیشکەوتوەکانی عەرەبی عیراق و هیندی هیزی پیشکەوتوی عەرەب لە یەکیتیەکەمان و ریبازەکەیان لەلایەکی ترەوە بونە هوی بەگەر خستنەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقیش ، وە هەول دانیان بو چاکتر خو کوکردنەوە و باشتر خەبات کردن بو رزگار کردنی عیراق لەو حوکمە فاشیستەی بالی رەشی بەسەر تاسەری عیراقدا ( بە کوردستانیشەوە ) کیشاوە و هەمو گەلی عیراقی لە هەمو مافە دیموکراتی و نەتەوایەتیکانی بی بەش کردوە و سەدان رولەی تیکوشەری عیراقی لەناو بردوە و سەدانی تر لە زیندانە تاریکەکانیا ئەرزینی٠ هەروەك عیراقیشی دابریوە لە کاروانی رزگاری عەرەب و بوتە هوی ری خوشکردن بو تیپەراندنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت بە سەر نەتەوەی عەرەبدا ٠

پەیدابونی ی٠ ن٠ ك وە دەست پیکردنەوەی چالاکی شورشگیرانەی کوردایەتی هاندەر و پال پیوەنەر بو بو بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عراقیش ٠ هەروەك پیشوازی و هاوکاری کردن و یارمەتیدانی ( مادی و مەعنەوی ) ی٠ ن٠ ك لە لایەن برا بەعسیە چەپەکان و ناصریەکان و بزوتنەوەی سوشیالیستی عەرەبی و مارکسیە ـ لینینیە تیکوشەرەکانەوە بونە هوی ئاسان کردن و چاکتر ماوە پیدانمان بو ریکخستن و یەکخستنی هیزە شورشگیرەکانی کوردایەتی لە ژیر ئالای یەکیتیەکەماندا ، ئەمەش یارمەتیەکی زور گرنك بو کە لە روژی تەنگانەدالەلایەنبرا عەردبەکانمانەوە پیمان گەیشت ٠ ئەم ئالوگور کردنەوەی یارمەتی و هاوکاری لە نیوانماندا نەك هەر راستی و پیویستی دروشمی برایەتی و یەکیتی تیکوشانی کوردو عەرەبمان بو دوپات ئەکاتەوە ، بەلکو دیسان دەری ئەبریتەوە کە برایەتی کورد و عەرەب زور بەهیزترە لەوەی ئیمپریالیست و فاشیستیەکان و رابەرایەتی خیلەکی بتوانن لەناوی بەرن یان پەکی بخەن ٠

یارمەتی ح٠ ب٠ ع٠ ا ( چەپ ) و ناصریەکان و بزوتنەوەی سوشیالیستی عەرەبی و مارکسیە ـ لینینیەکان بو ئیمە ، بونە هویەکی گرنك لە زو خوگرتنەوە و خیرا هیز کوکردنەوە و ورە بەرزکردنەوە و بەگەر هینانەوەی کوردایەتی وە ئەمەش یارمەتیەکی لەبیر نەچوە بو تیکوشەرانی

کوردایەتی ، بە جوریك کەئەبی ماندەریکی تریش بیـــت لە بەهیزکردنی برایـەتی و یەکیتی تیکوشانی کورد و عەرەب وە ژیرانە رویشتن لەسەر ریبازی خەباتی جەماهیری شورشگیرانە شان بە شانی هیزە دیموکرات و پیشکەوتوەکانی عەرەب لە عیراقدا بـو هینانـەدی ئامانجەکانـــی بزوتنەوەی نیشتمانـــی و دیموکراتی عیراق کـــە کوردایەتی بالی دوەمیەتی بـەلام خاوەنی ئەهمیەتیکی تایبەتـــی و کاریگەرە لـەم قوناغەیدا ٠

بەم بونەیەوە ، ئیجازەتان لـی ئەخوازم کە بە ناوی نیوەوە ، بە ناوی ٠ ی٠ ن٠ ك ەوە ، سوپاسی گەرمی خومان پیشکەش بە هەمو ئەو هاوپەیمان و هەڤال و دوستانە بکەین کە دەستی یارمەتـــی و هاریکارییان بو دریژ کردین لە لی‌قەوماندا ، وە پەیمانیان لەگەل نوی بکەینەوە کە تاسەر ، تا گەیشتن بە عیراقیکی دیموکرات و رزگار و هینانـە دی ئوتونومی بو کوردستانی عیراق ، شان بە شانیان خەبات بکەین وە تا دی‌برایەتی و یەکیتی تیکوشانی کورد و عەرەب پتەوتـر بکەین ٠ بی‌گومان ، هیچ خـو هەلکیشانی تیدا نیە ، کە پەیدا بـون و کەوتنەگەری ی٠ ن٠ ك ، دەوریکی باشـــی هەبوە لـە هاندانی بزوتنەوەی نیشتمانـــی عیراقدا بەگشتی وە لە (التجمع الوطني العراقي) دا بە تایبەتـــی بو خـــو کوکردنەوە و خـــو سـازدانـەوە و تـــی هەلچونەوە لـــە خـــەبـاتیکی شـــورشگیرانەی کاریگەردا دژی حوکمـــی فاشیستی و پیلانەکانی ئیمپریالیـزم و سەهیونیەت و کونەپەرستی ئیرانـــی ٠ لام وایە ئـــەم راستیەش ئەوەندە دیارو ئاشکرایە کە هەمو لایەك بە چاوی خویان ئەیبینـــن وە هەمو دلسوزانیش بایەخـــی پیویستی خـــوی ئەدەنی ٠

هەڤالانی تیکوشەر !

لەمەی رابورد بومـــان دەر ئەکەویت کە پەیدابون و کەوتنـــە گەری ی٠ ن٠ ك چ کاریکی گرنگـــی کرد و چ دەوریکـــی بایەخداری بوە لە خو گرتنەوەو هەلسانەوە و بوژانەوەی کوردایەتیدا بە تایبەتی و لە خستنە گەری بزوتنـــەوەی نیشتمانی و دیموکراتی عیراقیشدا بەگشتی ٠ بـــەلام ئەمە هەموی بە هەمو گرنگی و بـــایەخی زوری خویەوە ، هەر زەمینە خوش کردنە. هەر سەرەتای دەست پی‌کـــردنە بو ئـەو فرمانە گرنگە میژوییەی بەرەنگارمان ئەبیت و ئـەبی خومانی بـو تەرخان بکەیـن ، کە ئـــەویش بوژاندنەوەی شـــورشە لـــە کوردستاندا بو جی‌بەجی کردنی دروشمی دیموکراسی بو عیـــراق و ئوتونومـــی راستەقینە بو کوردستان ٠

جا چون ئـــەم فرمانەمان جی‌بەجـــی ئەکەین ؟

لە کویەوە دەست پی ئەکەین ؟ وە بە چی دەست پی ئەکەین ؟

بی گومـــان هەمـــو ئەیزانین کـــە یە کیتیەکەمان خەباتـــی شورشگیرانەی جەماهیری یەکگرتـــو لەگـــەل هیزە پیشکەوتوەکانی عیـــراق لـــە بەرەیەکی نیشتمانی تیکوشەرانەدا بـــە ریگەی رزگار کردنی عیراق لـــە دیکتاتوریەت و هینانە سەر حوکمـــی حوکومەتیکی دیموکراتی ئیئتیلافی دائەنیـــت ، تا لەم ریگـەیـەوە دیموکراسی بـــو عیـــراق و ئوتونومی راستەقینە بو کوردستان بینیتە دی ٠

کەواتە هینانە جوش و خروشی ئـــەم خەباتە جەماهیریە شورشگیرانەیە ( کـــە خەباتی شورشگیرانـــەی کوردایەتیە ) و بەستنەوەی بـــە خەباتـــی هیـــزە پیشکـــەوتوەکانی تـــری عیـــراقەوە لـــەنـــاو بـــەرەیەکی نیشتمـــانی تیکوشەرانـــەدا ، بە ریگـــەی رزگاریو دیموکراسی و ئوتونومی ئەزانین ٠
بویە ئیمە بەشی خومـــان و لـــەلای خومانەوە ، فرمانەکەمان هینانەوە جوش و خروشی کوردایەتیە بـــە جوریکـــی شورشگیرانە و بە ریبازی خـــەباتـــی جەماهیریدا کـــە بریتیە لـــە هوشیـــار کردنەوە و ریکخستن و خستنە گـــەری جەماهیری گەل تا پشت بە هـیزی زور و زەبەندی گەل و بە هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەل دوست و هاو پەیمانەکانمان ، وە لە ژیر ئالای ( ی٠ ن٠ ك ) و بە رابەری پارتی پیشرەوی راستەقینە ریگەی دور و دریژی شورشی رزگاری نیشتمانی و دیموکراتـــی ببرین ، بەلام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کـــە ئیمە ئـــەبی خومان ببەستینەوە بـــە ریگەی خەباتی سیاسی تـــاکو پارتی پیشرەو دیتە دی و بەرەی نیشتمانی تیکوشەرانە پەیـدا ئەبیت ، ئینجا دەست بکەین بە خەباتـــی

چەكدارنە ؟ یان یەكسەر دەست بكەینەوە بە خەباتی چەكدارانە ؟

بەلای منەوە پیویستە ئەم راستیە بخەینەوە یاد كە چ پارتی پیشرەوی راستەقینە و چ بەرەی نیشتمانی تیكوشەرانە هەر تەنیا لە كوری خەباتی شورشگیرانەی جەماهیری گەلدا پەیدا ئەبن و دینەكایەوە.

بویە لە زروفی ئیستەی ئیمەدا خەباتی چەكدارانە بە شیوەیەكی راست و دروست و ژیرانە وە دوای خو بو سازدان و خو ئامادە كردن بوی ئەبیتە هوی لە دایك بونی پارتی پیشرەوی راستەقینە لە كوری خەباتدا . هەروەك بەرەی نیشتمانی تیكوشەرانە بە وجود ئەهینیت ، كە هەردوكیان شەرتی بنچینەیین بو برینی قوناخی دور و دریژی شورشی و دیموكراتی و گەیاندی بە ئامانجی سەركەوتوی خوی .

بویە دەست پی‌كردنەوەمان ئەبی دەسكردن بیت بە بەهیزكردنی ریكخستنی ی.ن. شان بە شانی خو سازدان و ئامادە كردن بو دەست كردنەوە بە شەری پیشمەرگانە بەو شیوەیەی كە پاشان باسی ئە كەین . بی ئەم خەباتە نە ریكخستنی ی.ن. بەهیز تر ئەبیت وە نە خوشی پی ئەگیریت لە بەرامبەر شالاوی هیرشی فاشیستەكانی بەغدا وە نەپارتی پیشرەویش ولادەت ئەكات بەلكو لەبار ئەبریت تەنانەت ئەگەر (نواتیكی) باشیشی بو دروستبكریت .

لە ولاتی ئیمەدا خەباتی چەكدارانەی جەماهیری ئەو مامانەیە كە لە باوەشیا پارتی پیشرەو لەدایك ئەبیت ، چونكە ئەمرو (شیوەی سەرەكی خەباتی مومكینە) لە ولاتی ئیمەدا . ئەو ولاتەی كە تا چەند مانگیك مەلبەندی شورشیكی زور گەورە و فراوانی ئەوتو بو كە نەك بە شكان و روخانی خوی لەناو چو ، بەلكو بە راكردن و واز هینانی رابەرایەتیە خیلەكیەكەی ، بە فیتی ئیمپریالیست و كونەپەرستەكانی ئیران و ئاینونوینی نوكەران و دوستەكانیان بلاوەی پی‌كراوە ، لەكاتیكدا جەماوەری پیشمەرگە و كومەلانی خەلك زور بەگەرمی لایەنگری دریژەدان بون بە شورش و ئیستەش هەر بە هیوای ژیاندنەوەی شورشن ئەمە خاسیەتیكی گرنگی‌تایبەتی ولاتی ئیمەیە ، كە ئەبی بە وردی رەچاوی بكەین و هەرگیز لە بیری نەكەین . واتە ئامادە بونی جەماهیری بو شورش

هەلگیرساندن هەر زورە . **خاسیەتی دوەم** : ئەوەیە كە هەمو شەرتە مەوزوعیەكانی هەلگیرساندنی شورش لە كوردستاندا هەن. دوژمن تادیت بە رەفتاری فاشیستانەی خوی ، بە دریژەدانی دڕندانەی بی شەرم و پەردەی خوی بە سیاسەتی بە زور بە-عەرەب‌كردنی ناوچە ستراتیجی و نەوتیەكانی كوردستان ، وە بە زور راگویزتنی دەیان هەزار كورد لە مالو لادی و شوینی هەزار سالەی باوكو باپیرانیان ، تا دیت كومەلانی خەلك تورەتر و بیزارتر ئەكەن ، وە هەر تەنیا ریگەی خەباتی چەكدارانە بو جەماوەر ئەهیلنەوە بی ئەوەی تەنانەت بو (تنفیس) و خەلك فریو دانیش ماوەی چالاكیەكی سیاسی بە نوكەرانی سەر بە خوشیان بدەن .

**خاسیەتی سییەم** : ئەوەیە كە لە كوردستاندا ریكخراو و ریكخستن هەیە ، كومەل كومەلی بچوكی تیكوشەران سەریان بیكەوە ناوە و خەریكی خو ئامادەكردن و خو سازدانەوەن . ی.ن.ك لەناوەوە و دەردەوەی ولات ریكخستنی هەیە و(جو)یش بە چاكی ئامادەیە بو گەشەكردن و پەرە سەندنی .

**خاسیەتی چوارەم** : ئەوەیە كە چەندین هیز و تاقمی پیشكەوتوی عەرەبی و عیراقی هەن ئامادەن بەشداربن لەو خەباتە چەكدارانەیەدا . وە ئەوەندەی لە دەستیان دیت یارمەتی بو پەیدا بكەن . كە ئەمەش لە روی (نەوعی)یەتەوە وە لە روی سیاسی و دەنگدانەوە و ناو و ناتورەوە زور كاریگەر ئەبیت ، وە لە دواییدا لەگەل گەشەكردن و پیشكەوتنی خەباتی چەكدرانەدا لە كوردستان دەورو ئەهمیەت و تەئسیریان زور زورتر زیاد ئەبیت . ئەم چوار خاسیەتەی لە ولاتی ئیمەدا هەن وامان تی ئەگەیەنیت كە ئەو خەباتە چەكدارانەی ئیمە داوای ئەكەین وەك مەسەلەی «البؤرة الثوریة» كەی لەمەر ئەمەریكای لاتینی نیە ، بگرە زورتر لە وەزعیكی وەك كامبودیا و لاووس و یەمەنی خوارو ئەچیت ، هەتا تەنانەت وەزعیكی وەك جەزایر و هەندی ولاتی تری ئەفریقاییش .

بویە لەبەر تیشكی ئەم راستیانە و بە هەلسەنگاندنی توانای (ی.ن.ك)و ئامادەیی چەندین پارتی و تاقمی عیراقی بو بەشداری كردن لەگەلمان لە خەباتی چەكدارانەدا وە

به رەچاو کردنی ئاسوی ئەرخەوانی گەشەکردنی خەباتی چەکدارانە لە ولاتدا ئەتوانین بلیین کە ئەم خەباتە چەکدارانەیە ئەمرو تاکە ریگەی رزگاری گەلەکەمانە لەو شالاوی هیرشی فاشیستانەی شەری تەفرو تونا کردنی بەخشکەیی و هیمنی کە کاربەدەستانی بەغدا دەستیان داوەتی ، هەر وەك تاکە ریگەشە بو بوژاندنەوەی کوردایەتی و پەیدا بونی پارتی پیشرەو ، بو بوژاندنەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی گەلی عیراق و پەیدا بونی بەرەی نیشتمانی تیکوشەرانەی پیویستیش٠

ـ ٣ ـ

هەڤالانی تیکوشەر !

بو چاکتر رون بونەوەی ریبازی یەکیتیەکەمان و بیروباوەر و هەلویستەکانمان ، بو دیارکردن و راستکردنەوەی تەکتیك و ری و شوینەکانی دای ئەنین بو جی بەجی کردنی ئەرك و فرمانەکانمان ، پیویستەکی زورمان بە خەباتی فیکری هەیە بەو شەرتەی ئەم خەباتە ریگەی راست بگریت ٠

لە ناو یەکیتیدا ئەبی زەمینەیەکی دیموکراتی و (جو)یکی پر لە سەربەستی دروست بکەین بو ئەوەی هەڤالانمان بیرورای خویان بە سەربەستی دەرببرن ٠ ئەبی چەکەکەی ئەم خەباتەش تەنیا هەر چەکی هوشیار کردنەوە و چەکی پی سەلماندن و چەکی رەخنە و رەخنە لە خو گرتن و چەکی دەربرینی راستی بیت ٠ پیویستە هەمو جورە ئوسلوبیکی بیروکراتی و سەپاندن لە سەرەوە و دامرکاندنەوەی رەخنەو سەربەستی بیر و را بە توندی بەربەرەکانی بکەین و ماوەی پەیدابونیان بە هیچ جوریك لە ریزەکانماندا نەدەین ٠

بە لای منەوە زور پەسەندە ئەگەر بتوانین گوڤایکی هوشیاری و سیاسی و کومەلایەتی سەربەست بلاو بکەینەوە کە تیایا لە چوارچیوەی ریبازی گشتی یەکیتی‌ماندا ماوەی رەئی جیا جیا و ئیجتیهاداتی جیاواز و لیکدانەوەی جور بە جور بدەین ٠

بو روژنامەکانی خوشمان ( الشرارة ) و ( ریبازی‌نوی ) ئەبی ماوەیەکی باشی سەربەستی و ئازادی بیرکردنەوە و لیکدانەوەی جیا جیای تیابیت بەو شەرتەی لەچوار چیوەی بیروباوەر و ریبازی یەکیتی دا بیت ٠

ئەبی هەمیشە ئوسلوبی خەباتی جەماهیری لە ریزەکانی خوشماندا بەکار بهینین ٠ فرمان و ئەرکە گرنگەکانمان لە ناو خوماندا بە سەربەستی باس بکەین و مناقەشەي عیلمی‌یان لەسەربکەین ٠

پیویستە بە تەواوی شوینەواری ئوسلوبی کونینەی بیروکراتی و عەشایەری لە بیرکردنەوە و لیکدانەوە و هەلسەنگاندنا بسرینەوە لە ناو خوماندا ٠ لە خەباتی فیکری دەرەوەی (ی٠ن٠ك) یشدا پیویستە زور ژیرانە و هوشیارانە و بە (تواضع)ەوە خەباتی خومان دریژە پی بدەین دژی بیرورا چەوتەکانی ناو کوردایەتی بەگشتی وە (مفاهیم) و بیروراکان و شیوەی کاری رابەرایەتی خیلەکی بەتایبەتی ٠

لە بەگژا چونی ( مفاهیم ) و بیرورای رابەرایەتی خیلەکی و لە رەگو ریشە هەلکەندنیان لە ریزەکانی کوردایەتی دا پیویستە زور ژیرانە و هوشیارانە رەفتار بکەین ، وە بە هیچ جوریك ماوە نەدەین روی راستی عیلمی و شی کردنەوەی چینایەتی و لیکدانەوەی سیاسی خوی ون کات و توشی گیژاوی شەری لابەلا و هیرشی فەردی بە گشتی و پەلاماردانی بارزانی مستەفا بە تایبەتی ببیت ٠ چونکە ئیمە وەرچەرخاندنەوەی ئەم خەباتە ئایدیولوجی و سیاسی و چینایەتیە بە هیرش بردنە سەر بارزانی مستەفا بە کاریکی زور چەوت و ناراست دائەنیین و ئەنجامەکەی سەر لی شیواندنی تیکوشەرانە٠ بەرزانی سەرکردەیەکی کورد بوە کە لە میژوی خەباتی گەلەکەماندا پەیدابوە ٠ لە ماوەی ٣٠ ـ ٤٠ سالی رابوردودا ناوبانگیکی زوری پەیدا کردوە ، لە خەباتدا لایەنی ئیجابی و لایەنی سەلبی هەبوە ٠ لە سەرەتای هاوکاری‌کردنیا لەگەل کوردایەتی لایەنی ئیجابی زوری هەبوە . تا پاشان وردە وردە لایەنە سەلبیەکانی زال بون و پەرەیان سەند ، ئەوەبو خوی بو بە تاکە رابەری بزوتنەوەی کورد و ئەنجامەکەشی ئەم کارەساتە بو کە لە میژوی گەلی کوردو گەلانی روژهەلاتدا وینەی نەبوە ، کە شورشیکی وا گەورە و فراوان ، کە هەمو خەلك لەژیر ئالاکەیدا کو بوبونەوە و دەیان هەزار پیشمەرگە و دەیان هەزار لەشکری بەرگری میللی و دەیان ملیون دیناری هەبو کەچی وا بە خوتو خورایی بەفیرو چو ٠ ئەبی بەوپەری سەربەستیەوە دەری خەین

که خەباتی فیکری ئیمە دژی ( مفاهیم ) و جوری بیرکردنەوە و عەقلیەت و رەفتار و کرداری عەشایەرییە · هەر کەسیك ئەیانکات و پەیرەویان بکات ئەوا زیانو زەردر بەکوردایەتی ئەگەیەنی ·

پیویستە هەڤالانمان زور هوشیارانە و وریایانە خویان بپاریزن لە و داوەی هەندی لە پەیرەوی‌کەرانی « رەوتی خیلەکی » و خو هەلپەساردوەکان بە پاشکوی رابەرایەتی خیلەکیەوە بویان ئەنینەوە ، داوی وەرگیرانەوەی ئەم خەماتەی ئەمرو لەناو کوردستاندا هەیە لە بەینی ریبازی خەباتی جەماهیری شورشگیرانە و رەوتی خیلەکی و دەرەبەگایەتی رزیودا ، وە ئاوەژو کردنەوەی ئەم خەباتە و شیواندنی لە خەلك بە نیشان دانی هەروەك ژیاندنەوەی ئەو ناکوکیە بیت لە سالەکانی ١٩٦٤ ـ ١٩٧٠ دا لە ناو ریزەکانی کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا تەقیەوە، وە بو سوك کردنی ناوی «مەلایی»و «جەلالی» لی نرا ، چونکە ئیمە ی·ن·ك بەوپەری سەربەستیەوە بلاوی ئەکەینەوە ، کە یەکیتیەکەی ئیمە دریژە پیدانی هیچ یەکی لەم دولایەنە نیە ، وە بیروراو ریبازو هەلویستەکانی لەگەل هەندیکی هەردو لاکە زور جیاوازە و ئیمە خومان بە میراتگری هیچ لایەك نازانین · لە کاتی هەلسەنگاندنی میژوی رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا رەخنەمان لە هەردولا هەیە·

بەلی راستە کە ی· ن· ك چاکترین رولەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پیش دوبەرەکی و دوای دوبەرەکیش کوکردوتەوە · بەوەش شانازی ئەکەین · هەروەك بەوەشەوە شانازی ئەکەین کە ی· ن· ك خوی بە میراتگری تیکوشانی شورشگیری کوردایەتی ئەزانیت بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە ، بە تایبەتی لە دامەزراندنی پارتیەوە کە لە حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق و حیزبی رزگاری کورد پیك هات و تا ماوەیەکی زور وەك پارتیەکی شورشگیری پیشکەوتو لە ریزی پیشەوەی گەلی کوردا خەباتی دریژە پی داوە ·

بەلام ئیمە خومان بە میراتگری لایەنە سەلبی و لادانەکانی سەرکردایەتیکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ریبازی خەباتی جەماهیری شورشگیرانە و خو بەستنەوە بە هیزە ئیمپریالیست و کونە پەرستەکانەوە نازانین و دژی ئەم ردوت و رەفتارانەین · هەروەك دژی وەرگیراندنی پارتی بوین بە حیزبیکی بورجوازی و کونەپەرست کە لەو سالانەی دواییدا بە ئاشکرا خوی نواند · وە بیرو باوەرمان بە پیچەوانەی رابەرایەتی خیلەکی و ریباز و مفاهیم و لیکدانەوەکانیەوەیەتی ·

لە خەباتی فیکری و سیاسی‌ماندا ئەبی زور بەتوندی بچین بە کژ بیروباوەری شوڤینی نەتەوەی دەسەلاتدار و تاکرەوی و گوشەگیری نەتەوەی بچوکیش ، ئەبی بە هەمو توانایەکمانەوە دژی بیروباوەری پشت کردنە جەماوەر و خو بە بیگانەوە هەلواسین خەبات بکەین · ئەبی هەمیشە دژی بیرورای ئیلحاقی و تواندنەوە و جیابونەوە خوازیش بوەستین و جەماوەری گەلەکەمان بە بیروباوەری برایەتی و یەکیتی تیکوشانی گەلی کورد لەگەل گەلانی عەرەب و ئیران و تورکیە پەروەردە بکەین ·

ئەبی هەمیشە یەکیتیەکەمان بە خوشویستنی گەلەکەمان و هەمو گەلانی روژهەلات و دنیا پەروەردە بکەین ، ئەبی هەمیشە بیرورای یەکیتی دەسکەوت و خەبات وە یەکیتی دوژمنانی گەلان بلاو بکەینەوە · هەمیشە دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و فاشیزم و کونەپەرستی و دەرەبەگایەتی بین ·

پیویستە یەکیتیەکەمان بە خوشویستنی جەماوەر و گیانی خزمەتکردنی جەماوەر و خو بەختکردن لە پیناوی گەل و نیشتماندا پەروەردە بکەین · هەمیشە باوەریکی نەگور و تەواومان بە گەلەکەمان و هیز و توانای لە بن نەهاتوی جەماوەرەکەی هەبیت ·

پیویستە هەمیشە خەباتی فیکری و سیاسی دژی هەمو چەوتی و لەری لادانیك و سەر لی شیواندنیك دریژە پی بدەین و باوەرمان بەو راستیە هەبیت : کە راستی و هەر راستی سەرئەکەویت وە هەر ئەو سیاسەتە سەر ئەکەویت کە لە سەر بناغەی سەرەتایەکی راست داریژرابیت ·

هەڤالانی تیکوشەر !

مایەوە مەسەلەی گەلالە کردنی پروژەی پروگرام و پیرەوی ناوخو و چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی ریگەی خەباتمان ، مەسەلەی چاك کردنی ناتەواویەکان و راستکردنەوەی هەلەکان و نەهیشتنی کەمو کورتیەکان ، کە ئەوانیش بو لیکدانەوە و هەلسەنگاندن و بیرو باوەری ئیوە بەجی ئەمینن ·

هیوام وایـــه ، زور به سەربەستی و جورئەتەوە ، زور ژیرانـــــە و هوشیارانه پیکەوه هەمومان لەو راپورته بکولینەوه و بگەینه ئەنجامی باش وراست بـه جوریك کــه ببنـــه پـال پیوەنەریکی گەورەی یەکیتیەکەمان روەو بەجی هینانـی ئەرك و فرمانه میژوییەکانـی ، روەو بوژاندنەوەو هینانەوه جوش و خروشـی کوردایەتی ، روەو بوژاندنەوە و هینانـــەوه جوش و خروشی شورشەکەمان و پیك هینانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوی تیکوشەرانه بو رابەری کردنی خەباتی کورد و عەرەب لـه پیناوی دیموکراسی بو عیـــراق و ئوتونومی بـو کوردستان ٠

ئیتر بو پیشەوە !

له بلاو کراوەکانی

**یەکیتی نیشتمانی کوردستان**

ـ ٢ ـ

کانونی دوەمی ١٩٧٦

هەواڵنامەی کتێب